ئەزانم...

خەیاڵە... خەیاڵە ... ئەتوانیٚ

«یوّتوّپیا» ی سەری من بسوورێنی...

خەونە ... خەون

ساز ژەنی « سەمفوّنیا» ی سەیرانە...

من سوور و قەڵەم زەرد

ئاسمانیش

دەفتەری باخەڵم

ئا...را...می...

لە کوێی توّ

سەوزەکەی ئەبەدی!

هەتایە وێڵم و

فەرهادی شاعیرم،

مێژوویەک شک نابە،

نەمکوژیٚ...

هەنووکە نامنووسیٚ

داهاتووش،

سەرابی زەمانەو

پۆتۆپیای ئەندیشەم...

..............

سەرتان لیٚ ئەشێویٚ



ئەزانم

بەم زرِەی زامانە

توّ بڵێی قافڵەی تەمەنی ئاسایی کوّمەڵگا

بوەستیٚ؟

توّ بڵێی یاخی بوون

هەتا کەی سێویٚ بیٚ

خواکان،

ئادەمی لە بەهەشت پیٚ دەرکەن؟

ئەریٚ من،

عەودالی کامە خوام؟

سەرتان و

سەراب و

یاخی بوون....

فەرهاد و

شێعریک و

سێوێکی هەمەرەنگ...

کامەریٚ؟؟؟؟

کامە خوا؟؟؟؟

کامە ئەشق؟؟؟؟

یوّ...توّ... پیا

.../۲/ ۷۷ سەقز



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

له سه‌هۆڵستانی رۆحتانا)

مه‌ترسن!!

رۆژنامه،گشت درۆن...

تۆش درۆئه‌که‌ی...

منش،

به قه‌د مانگ ده‌بینم،

شه‌وانه گۆرانی خه‌ماوی ده‌بیژم

(نابینن)

مه‌ترسن!!

شاره‌کانمان بجوون...

(تا ته‌ویله‌کانی سکتان)

هیچ حه‌قیَ

ئێستا که ناوێریَ

گورانی مۆرسه‌کان وه‌گێریَ

بۆ چۆم و دارستان...

منیش به قه‌ده‌ر هه‌تاو

چاوم لێیه‌و

( هیچیش)

باوشم پڕ بوه له شه‌پۆل،

(ماهواره‌یین،

حه‌زه‌کان بۆ زه‌وی ناهێنن....)

به‌قه‌ده‌ر مانگ

هه‌تاو

ئه‌ستێره

چاوم لێیه‌و ــ هیچیش ــ

رۆژ به رۆژ ته‌نیا تر

شه‌و به شه‌و دوور... تر

سه‌قز ٧٧/١/١٨

درۆ موقه‌دده‌ســــــه‌کان



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

## ستەم و ئەرز و ئاسمان

**که ئەزرمان لەرانەوە**

**باوەڕیان پیٚ‌کردین**

**ئاسمانیش هەر شین‌بوو...**

**که شەومان به رۆژا کردە کوٚڵ**

**ئاسمانمان لە رەنگی قوڕی سەر**

**پیٚلاٚومان...**

**گرانی و**

**ستەم**

**و**

**هەژاری ....**

**کیٚ ئەویٚریٚ سەر لە نویٚ**

**باوەش کا بە ئەرزا!؟**

٧٣/١٠/١٨ ـ سەقز

## شاعیري بيَ‌دیوان

**– من شەوان بە شەوقی شەپۆل و**

**بەیانی بە عەشقی**

**دڵێکی پێوانەی ئەقیانووس**

**هەڵئەسام...**

**ـ نە شەپۆڵ ئەباریٚ**

**نە دەریا هەڵکشا !**

**ها...ها..ها...**

**شاعیری بیٚ دیوان!**

**– من گەوجتر لەگوڵ و**

**دەسەلاٚت عاقڵتر لە دڕك**

**ـ شازادە نەهات و**

**بونیادی شیٚعرەکەت هەڵوەشا**

**ها ...ها... ها...**

**شاعیری بیٚ‌دیوان!**

درۆ موقەددەســـەکان



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

